هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٥٩) لە ٢٠٢٠/٦/٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٩) لە ٢٠٢٠/٦/٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ تەواوکردن و پێشکەشکردنی بەیاننامەی دارایی (بيان مالي)ی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ناردنی بۆ دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوە و وردبینی.

٢. بۆ مەبەستی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، پێویستە سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەیاناتی دارایی و میزانییەی پێداچوونەوە (ميزانية المراجعة)ی یەکەکانی خەرجکردنیان بۆ ساڵی ٢٠١٩ بە زووترین کات ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بکەن. بە پێچەوانەوە، فەرمانبەری تایبەتمەند بەرپرس دەبێت لە دواکەوتنی.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران